


# کتێبی (بوون و کات)ی مارتن هایدگەر

هاشم سەڕاج

(١ - ٢)

«بوون و کات» بەناوبانگترین کتێبی «مارتن هایدگەر ١٨٨٩-١٩٧٦»ە، دوکتۆر محەمەد کەمال لە ئینگلیزییەوە کردوویەتی بە کوردی و توێژینەوەیەکی درێژی لەژێر ناوی «پێشەکی وەرگێڕ» لە بارەی ژیانی هایدگەر و چۆنیەتی پراکتیزەکردنی میتودی فینۆمینۆلۆجی- ئۆنتۆلۆجییەکەی هایدگەر سەبارەت بە دەرکەوتن و خۆ دەرخستنی دازاین- نووسیوە.

من لە خوێندنەوەی یەکەمدا، کارم لەسەر پێشەکییەکەی وەرگێڕ کردووە و هەوڵم داوە پوختەی توێژینەوەکەی بخەمەڕوو، بەڵام لەم خوێندنەوەیەدا هەوڵ دەدەم کۆمەڵێک داتا و زانیاری لەم کتێبە قەبەیە هەڵێنجێنم کە بە قەبارە گەورەکەی، خۆی لە «٥٥٣» لاپەڕە دەدات، هایدگەر کتێبەکەی بەم شێوەیە پێشکەش بە «هۆسرڵ»ی فەیلەسووفی فینۆمینۆلۆجی و مامۆستاکەی کردووە.. پێشکەشە بە ئەدمۆند هوسرڵ بەناوی هاوڕێیەتی و ڕێزلێنانەوە.. دارستانی ڕەش- تۆد ناو بەرگ لە باین- ٨ نیسان ١٩٢٦.

لێرەدا بە پێویستی دەزانم ئاماژە بە کتێبێکی ئیسماعیل کوردە بدەم، سەبارەت بە هایدگەر و دارستانی ڕەش کە لە عەرەبییەوە وەریگێڕاوە، ئەم کتێبە بەدووورودرێژی لە کەشوهەوای دارستانی ڕەش و چۆنیەتی نووسینی کتێبی «بوون و کات» دەدوێت، من خوێندنەوەیەکم بۆ ئەم کتێبە کردووە و داومە بە گۆڤاری «ڕامان» جارێ بڵاونەبووەتەوە، هایدگەر لە پێشەکییەکی کورتدا بۆ چاپی حەوتەمی بوون و کات بە ئەڵمانی.. دەڵێت ئەم نووسراوە لە بەهاری ١٩٢٧دا لە گۆڤاری ساڵانەی فینۆمینۆلۆجی و توێژینەوەی فینۆمینۆلۆجیانە کە سەرنووسەرەکەی «ئەدمۆند هۆسرڵ»ە، لە ژمارەیەکی تایبەتدا بڵاوکرایەوە، جەخت لەوەش دەکات کە لەم نووسراوەدا ئامانجمان کارکردنە لەسەر پرسیار سەبارەت بە واتای بوون بەشێوازێکی کۆنکرێتی، ئامانجی کاتیشمان ڕاڤەکردنی «کات»ە، وەک ئاسۆیەک بۆ تێگەیشتنمان لە واتای بوون، هایدگەر لە دەسپێکی «بوون و کات»دا ئاماژە بە جەنگی نێوان دێوەکان «جایگەنتۆماکیا» دەدات، مەبەست لە جەنگی دێوەکانە لەسەر بوون، هایدگەر ئەم گوتەیەی لە دایالۆگی سۆفیستی ئەفلاتوونەوە وەرگرتووە، ئەمەش پرسیارێکە بۆ توێژینەوەکانی ئەفلاتوون و ئەرستۆ

دوای ئەوان پرسیارەکە بەشێواوی و گۆڕانکارییەوە لەنێو «لۆجیک»ی «هیگڵ»دا بەرجەستە بوو، جگە لەمەش لەسەر بنەمای دەسکەوتی یۆنانییەکان بۆ ڕاڤەکردنی بوون، دۆگمایەک سەبارەت بە واتای بوون دامەزراوە، گوایە «بوون» هەمەکیترین و بۆشترین چەمکە، لەبەر ئەمە پێناسە ناکرێت.

هایدگەر لەم کتێبەدا بەپێی سەدە یەک لەدوا یەکەکان لە چەمکی ئۆنتۆلۆجی دەکۆڵێتەوە، پێی وایە تێگەیشتن لە بوون هەمیشە لە پێشتریش لەنێو هەموو هەبووەکاندا هەیە، بەڵام ئەرستۆ گرفتی بوونی خستە سەر زەمینەیەکی نوێ، کەچی ئەویش نەیتوانی ڕۆشنایی بخاتە سەر پێوەندییەکانی نێوان ئەم چەمکانە.

ئەم گرفتە لەنێو ئۆنتۆلۆجی سەدەکانی ناوەڕاستدا و لە فێرگەکانی تۆمیزم و ڕواقییەکاندا بەبێ گەیشتن بە ڕوونکردنەوەی بنەماکان باس کراوە، هایدگەر ئاماژە بۆ کۆمەڵێک بیرمەند و فەیلەسووف دەکات کە لە چەمکی بوون دواون و پێناسەیان بۆ کردووە، هیگڵ پێناسەی بوون وەک ڕاستەوخۆیەکی دیاری نەکراو دەکات. هایدگەر بەدرێژی لەم بابەتانە دەدوێت و پێی وایە ئێمە تێگەیشتنمان بۆ «بوون» هەیە، هاوکات واتای بوون لەنێو تاریکیدا ماوەتەوە، ئەم بابەتەش لە بنەماوە پێویستی بە پرسیارکردنە و هەموو توێژینەوەیەک بەدواداگەڕانە، یان توێژینەوە گەڕانە بەزانینەوە بەدوای شتێکدا، هەروەها توێژینەوە خاوەنی بابەتی لێکۆڵینەوە بەو پرسیارکردنە سەبارەت بە شتێک، هایدگەر پێی وایە دەبێت پرسیار سەبارەت بە واتای بوون دروست بکەین- ئەوەی پرسیاری لە بارەوە دەکرێت «بوون»ـە، ئەوەیە، کە هەبووەکان، وەک هەبوو دیاری دەکات و لەسەر بناغەی ئەویش لە هەبووەکان تێدەگەین و باسیان دەکەین.

لەم خوێندنەوەیەدا هەوڵ دەدەم هەندێک ڕستە و دەستەواژە لە کتێبی بوون و کات بگوێزمەوە و هەتا هێدی هێدی لە میتودە فینۆمینۆلۆجییە بوونگەراییەکەی هایدگەر و بەدوادا گەڕانەکەی بەدوای دازاین و واتای بوون بگەین.. ئەوەی لە پرسیارکردنەکەدا بەدوایدا دەگەڕێین، کە واتای بوونە، داوامان لێ دەکات بەو شێوەیە بیناسین کە خۆی دەردەخات، پرسیارەکەمان سەبارەت بە بوونە، بوونیش واتە بوونی هەبووەکان، لێرەدا هایدگەر بۆ ئەم توێژینەوە و بەدوادا گەڕانەدا بوونی مرۆڤ هەڵدەبژێرێت، چونکە بەدیدی هایدگەر مرۆڤ هەبووە، یان جەوهەرێکی گیانەکی دیکارتی نییە، بەڵکو بوونێکە لێرەدا، بۆیە بۆ ئەم مەبەستە چەمکی دازاین بەکاردەهێنێت، دازاین وشەیەکی لێکدراوی ئەڵمانییە، دا- لێرە، زاین- بوون، واتە بوون لێرەدا، هایدگەر ئەم چەمکەی بۆ بوونی مرۆڤ بەکارهێناوە و لەسەر بنەمایەکی ئۆنتۆلوجی جیاوازتر لە هەبووەکان دایدەنێت، هەڵبەتە چەمکی دازاین، یان بوون لێرە، واتە بوون لەنێو جیهاندا لە پەراوێزی لاپەڕە «٤٣»ی کتێبی «بوون و کات»دا لەلایەن وەرگێڕی کوردییەوە شی کراوەتەوە، هایدگەر لە بەشی پێشترینی ئۆنتۆلۆجیانەی پرسیار سەبارەت بە بوون، جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە بوون هەمیشە بوونی هەبووە، هەموو هەبووەکان پێکەوە، لە شێوازی جۆراوجۆردا، دەبن بە بوارێک تێیاندا، جۆرێک لە زانین دادەمەزرێت.

ئەم بوارانەی وەک مێژوو، سروشت، شوێن، ژیان، دازاین، زمان...تاد. دەبن بە بابەتی هەر یەکێک لە لێکۆڵینەوە زانستییەکان، هایدگەر لێرەدا بە قووڵی لە چەمکی زانست و لێکۆڵینەوە زانستییەکان دەدوێت و تیشک دەخاتە سەر زانستە سروشتی و مرۆییەکان، لە هەمان کاتدا چۆنیەتی بەکارهێنانی چەمکی ئۆنتۆلۆجی لە چەمکی ئۆنتیک جیا دەکاتەوە، کە دوکتۆر محەمەد کەمال لە پەراوێزی لاپەڕە «٤٨»دا بەم شێوەیە ڕوونی دەکاتەوە، ئۆنتۆلۆجی توێژینەوەیە لەسەر بوون و ئۆنتیک لە هەبوو، دوکتۆر لە ڕووی وەرگێڕانەوە دەڵێت: من چەمکی «هەبوو»م بۆ ئۆنتیک داناوە هەموو هەبوویەکی تاک وەک مێزەکە، ئۆنتیکە، مەبەستی هایدگەریش لێرەدا ئەوەیە، کە زانست لە «ئۆنتیک» دەکۆڵێتەوە، یان بابەتی لێکۆڵینەوەی زانست هەبووە، «ئۆنتیک» نەک بوون بەگشتی، هایدگەر لە بەشی پێشتریتی ئۆنتیکی پرسیار سەبارەت بە بوون دەڵێت: ئێمە بوونی مرۆڤمان بە دازاین ناوبردە کرد، توێژینەوەی زانستانەش تەنیا هەڵوێستێکی بوون نییە مرۆڤ بیگرێتە بەر، تەنانەت نزیکترینیشیان نییە، لەسەرروو ئەمەوە، دازاین لە بەراوردکردنیدا لەگەڵ هەبووەکانی دیکەدا تایبەتمەندێتی خۆی هەیە، ئەمە ئەو واتایە دەبەخشێت دازاین جۆرە تێگەیشتنێکی بۆ بوونی خۆی هەیە و بەڕادەیەکیش دەتوانێت ئەمە

بکات، ئاشکرا کردنی بوون لە ڕێگەی تێگەیشتن لە بوونی خۆیەوە تایبەتمەندێتی دازاینە، دازاین ئۆنتیکیانە تایبەتمەندە، چونکە بوونێکی ئۆنتۆلۆجیانەی هەیە.

لێرەدا دوکتۆر محەمەد کەمال چەمکی «پێش ئونتۆلۆجی» بەم شێوەیە شی دەکاتەوە، هایدگەر چەمکی «پێش ئۆنتۆلۆجی» و چەند چەمکێکی دیکەی، وەک پێش تێڕامان و پێش بیردۆزەی بەکارهێناوە، دەکرێت بە هەڵوێستی سادەی نا- فەلسەفییانە، یان پێش فەلسەفییانەی دازاین لە مامەڵەکردنی لەگەڵ هەبووەکاندا پێناسە بکرێت، دازاین ئاگاییەکی ڕاستەوخۆی لە بوونی خۆی و هەبووەکانی دەوروبەری هەیە، ئەم ئاگادارییەش پێش هەموو پرسیارکردن و بیرکردنەوەیەکی فەلسەفییانە لە واتای بوون دەکەوێت، واتە دازاین ئاگاییەکی ئۆنتۆلۆجیانە و پێش بیردۆزانەی لە بوون هەیە، بەڵام ئەو ئاگایی و تێگەیشتنە لە بوون لە ئاکامی پرسیارکردنی ئۆنتۆلۆجیانە و تێڕوانینێکی بیردۆزانەوە پەیدابووە و تێگەیشتنێکی پێش ئۆنتۆلۆجیانەیە، ئەرکی فەلسەفەیە ئەم تێگەیشتنە بەرەو تێگەیشتنێکی ئۆنتۆلۆجیانە ببات.. دواتر هایدگەر چەمکی ئۆنتۆلۆجی بنەڕەتی لە ئۆنتۆلۆجییەکانی تر جیا دەکاتەوە کە بناغەی هەموو جۆرە ئۆنتۆلۆجییەکانی دیکەیە و لە شیکردنەوەی بوونگەرانەی دازاینەوە مسۆگەر دەکات، هەروەها لە گرنگی دازاین دەدوێت لە ڕووی ئۆنتیکی و ئۆنتۆلۆجییەوە، هاوکات سەبارەت بە هەمان بابەت ئاماژە بە بۆچوونەکانی هەریەک لە پارمەنیدس و تۆماسی ئەکوینی دەدات، لێرەوە دازاین دەبێت بەو بوونەی پێویستە لەپێش هەموو شتێکەوە لێی بکۆڵینەوە، هایدگەر لە بەشی شیکردنەوەی بوونگەرانەی دازاین وەک دەرکەوتنی ئاسۆیەک بۆ ڕاڤەکردنی واتای بوون، لە ڕووی ئۆنتیکییەوە دەڵێت: بێ گومان دازاین تەنیا هەبوویەکی نزیک لە ئێمەوە، یان نزیکترین هەبوو نییە، ئێمە خۆمان دازاینین، هەر یەکێک لە ئێمە دازاینێکە، بەڵام بوونی دازاین بە جۆرێکە کە لەگەڵ تێگەیشتن لە بوونی خۆی بەردەوام پێوەندی بە جیهانەوە دروست دەکات، هایدگەر لە ڕێگەی میتودی فینۆمینۆلۆجیانەی بوونگەرایییەوە هەوڵ دەدات دازاین لە ڕوانگەی زەمەن- کات-ەوە شی بکاتەوە، هەڵبەتە دازاین بوونە لەنێو جیهان، وەک چۆن بوونە لەنێو شوێندا، بە هەمان شێوەش بوونە لەنێو «کات»دا، هەروەها دازاین لەگەڵ هەموو تێگەیشتن و ڕاڤەکردنێکی بۆ شتێکی هەبوو لەنێو «کات»دایە، هایدگەر لە ڕووی چەمکی کاتەوە ئاماژە بە بۆچوونەکانی هەریەک لە ئەرستۆ و برگسۆن دەدات و بۆچوونەکانی ئەوان لە ڕووی واتای کات بە چەمکە گشتییەکەی دەخاتە ڕوو، پێی وایە تێگەیشتنە گشتییەکە بۆ واتای کات نەریتییە، لە ئەرستۆوە بەجێماوە و برگسۆنیش لە ئەرستۆوە وەریگرتووە، بەڵام لای برگسۆن کاتی گشتی شوێنە، دواتر لە چەمکی «کاتی» دەدوێت، کاتی، واتە بوون لەنێو کاتدا کە ئەمەش لەخۆیدا تەمومژاوییە و تاکو ئێستا ڕوون نەکراوەتەوە، بەڵام هایدگەر جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە گرفتی هەموو ئۆنتۆلۆجییەک لەنێو دیاردەی کاتدایە.

لێرەدا دوکتۆر محەمەد کەمال سەبارەت بە چەمکی کات لای هایدگەر لە پەراوێزی لاپەڕە «٦٠»دا ڕوونکردنەوەیەکی گرنگ دەخاتەڕوو و پێی وایە ئەمە خاڵێکی گرنگی ئۆنتۆلۆجی هایدگەرە، بە پێچەوانەی بۆچوونی میتافیزیکییەوە کە ڕاستەقینەی ژوور هەبووەکان بەکات بەدەر دادەنێت، هایدگەر هیچ شتێک، تەنانەت بوون بەگشتیش ناخاتە دەرەوەی کاتەوە، بەڵکو بوون بەکات دادەنێت، لێرەدا هایدگەر دەڵێت: کەوابوو، واتای بوون و شێوازەکانی لە سەرەتاوە لەسەر «کات» ڕادەوەستن و ئێمەش ناوی دەنێین کاتەکی (الزمنیة)، ئەرکی ئۆنتۆلۆجی بنەڕەتیش لە ڕاڤەکردنی واتای بووندا کارکردنە لەسەر کاتەکی بوون، چونکە بەبێ بیرکردنەوە لە کات، لە بوون ناگەین، واتای بوونی دازاینیش لەنێو کاتەکیدایە، بەڵام کاتەکی لە هەمان کاتدا بارودۆخی ئەگەری مێژووییە، بەمێژووبوون پێکهاتەی بوونی ڕووداوەکانی دازاینە بەو شێوەیەی هەیە لەسەر بناغەی ئەمەش مێژووی جیهان دێتەکایەوە، یان دەبێت بە بەشێک لە مێژووی جیهان، ڕابوردووی دازاین واتای «وەچە» دەبەخشێت، پاش دازاین سەرهەڵدەدات و هەمیشەش پێش دەکەوێت، بە مێژوو بوون خەسڵەتێکی دیاریکراوی دازاینە و لە بوونیدایە، پێویستە پرسیار سەبارەت بەواتای بوون ڕێگە خۆشکەر بێت بۆ تێگەیشتن لە بوونی دازاین، وەک هەبوویەکی کاتی و مێژوویی، لەبەر ئەمە پرسیارەکە دەبێت بە پرسیارێکی مێژووناسانە.

هایدگەر پێی وایە لە سەرەتاوە نەک تەنیا ئاوڕ لە واتای بوون نەدراوەتەوە، بەڵکو پرسیارەکەش بە دروستی نەکراوە، بۆیە دازاین بەردەوام لەنێو نەریتدا گیری خواردووە، ئۆنتۆلۆجی پەیدا بووە کە لەنێو نەریتدا لەنێو دەچێت، بەو جۆرەی لای هیگڵ دەبینرێت، لە سەدەکانی ناوەڕاستدا ئەم ئۆنتۆلۆجییە لەنێو یەک بنیاددا قەتیس دەکرێت و کارکردنەکەش بەرەو پێشەوە ناچێت.

لێرەوە لە بارەی هەمان بابەت، ئاماژە بە بۆچوونەکانی فرانسیکۆ سوارێز «١٥٤٨- ١٦١٧»ی فەیلەسوفی ئیسپانی دەدرێت، کە لەژێر کاریگەرێتی ئەرستۆ و (تۆماس ئەکویناس)دا بۆچوونە فەلسەفییەکانی خۆی گەشە پێ داوە، هایدگەر دەڵێت بەدرێژایی ئەو مێژووە چەند لایەنێکی گرنگی «بوون» ئاوڕیان لێدراوەتەوە، وەک کۆجیتۆکەی دیکارت، خۆ، من، هۆش، گیان، بەڵام بەدوای بوون و بنیاد دا نەگەڕاون و پرسیارەکەش سەبارەت بە بوون پشتگوێ خراوە و گاتیگۆرییەکانی ئۆنتۆلۆجییە کۆنەکە بۆ توێژینەوەیان بەکارهاتووە.

لای هەندێکیش پەنابراوەتە بەر دیالێکتیک تاکو پرسیارەکە سەبارەت بە بوون لەنێو مێژووی خۆیدا ئاشکرا بکرێت، هەڵبەتە پێویستە توندی و ڕەقی نەریتەکە نەرم بکرێنەوە و ئەوەی شاراوەیە ئاشکرا بکرێت، ئەم کارەش لەگەڵ ڕووخاندنی ناوەرۆکی کۆنی ئۆنتۆلۆجییە کۆنەکە لەبەر ڕۆشنایی پرسیارەکەمان سەبارەت بە واتای بوون ڕوودەدات، کەردەی ڕووخاندنەکە نایەوێت ڕابوردوو لەنێو «هیچ»دا بنێژرێت، مەبەستێکی پۆزەتیڤانەی هەیە، لێرەدا هایدگەر دەڵێت: «کانت» یەکەم کەسە هەوڵی توێژینەوەی لەسەر ڕەهەندی «کات» داوە، یان دیاردەکان زۆریان لێ کردووە ڕوویان تێ بکات، چونکە لە فەلسەفەی هایدگەردا «کات» لەناو (بوون) دایە، یان بوون بۆ خۆی کاتییە، هەروەها کات بنیادی ئۆنتۆلۆجی ئاگامەندییە، پێوەندی بنەڕەتی لەگەڵ مەرجە سەرەتاییەکانی ئەم بوونەدایە و هاوکات نیگەرانی و بوون ڕوویان لە مەرگە، یان بەشێوازێکی دیکە بوون لە ڕێگەی نیگەرانییەوە ڕووی لە مەرگە، یان بە سوود وەرگرتن لە کتێبی «فەلسەفەی سارتر» و خوێندنەوەیەکی نوێ- دوکتۆر محەمەد کەمال بوون لەناوخۆ – وەستاوە و لە چالاکی بەدەرە، بوون بۆ خۆ- چالاکییە بەرەو بوون، محەمەد کەمال دەڵێت: دیاردە ئەوەیە کە ئاگامەندی ڕووی تێ دەکات و دەیدۆزێتەوە، هەروەها ئاگامەندی چالاکییە، ناتەواوە، دەسەڵاتی نەفیکەرە، خۆئاگاییە، هەڵبەتە مارتن هایدگەر لە ڕێگەی فەلسەفەی ئۆنتۆلۆجییەوە دەیەوێت کۆجیتۆی «دیکارت» ئاوەژوو بکاتەوە کە دەڵێت «من بیردەکەمەوە، کەوابوو من هەم». هەڵبەتە هایدگەر بە پێچەوانەی دیکارت بیردەکاتەوە و دەڵێت «من هەم کەوا بوو من بیردەکەمەوە».

ئەگەر ئاوڕێک لە فەلسەفەی گریکی بدەینەوە، هەست دەکەین ئەم ڕوانینەی دیکارت لە بنەڕەتدا لە فەلسەفەی (ئەفلاتوون)ەوە سەرچاوە دەگرێت، چونکە ئەفلاتوون لە بنەڕەتدا لەسەر دوالیزمی لەش و گیان کاری کردووە، گیان، یان ڕوح لە فەلسەفەی ئایدیالیدا جەوهەرێکی پڕ و تەواو کۆیە و گۆڕانکاری بەسەردا نایەت، بەڵام لەش نا، بەردەوام گۆڕانکاری لەخۆوە دەگرێت، بەڵام لای هایدگەر کە بوون بابەت نییە، بەڵکو بوونی بابەتەکەیە، بوون شوێنی جەوهەرە تەواو کۆییەکەی دیکارت دەگرێتەوە کە گیانە، بەڵام بە پێچەوانەوە، چونکە لای هایدگەر بوون هەمیشە ناتەواو و پڕ بۆشایی و کەلێن و کەلەبەرە، مرۆڤ لە ڕێگەی پرۆژە جۆراوجۆرەکانییەوە هەوڵی پڕ کردنەوەی دەدات، بەڵام دواجار ئەوە مەرگە کە بوون بەرەو تەواو کۆیی دەبات و دوایین واتای پێ دەبەخشێت، چونکە مرۆڤ لەم جیهان و سروشتەدا بوونەوەرێکی نیگەرانە و نیگەرانییەکەشی پێوەندی بە مەرگەوە هەیە، بۆیە بوونی مرۆڤ دازاین، لای هایدگەر بە واتا ئۆنتۆلۆجییەکەی مرۆڤ دەکات بە بوونەوەرێکی جیهانی و مێژوویی، نەک بە ناوەرۆکێکی، یان جەوهەرێکی جیهانی، یان خودێکی بڵند «کە ئاماژەیە بۆ فەلسەفەی کانت، کانتیە نوێیەکان»، چونکە لای هایدگەر بۆ ئەوەی مرۆڤ هەبێت، دەبێت لەناو جیهاندا بێت، مرۆڤ لەنێو جیهاندا ناوەرۆک بۆ خۆی دادەهێنێت و هەوڵی پڕکردنەوەی بۆشاییەکانی نێو بوونی دەدات، بەڵام فاکتەری ئازادی، یان سەربەستی لە فەلسەفەی ئۆنتۆلۆجی هایدگەردا سەبارەت بە پڕکردنەوەی کەلەبەری بوون، ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت.

هایدگەر لەم خاڵەوە بوونی ڕەسەن لە بوونی ناڕەسەن جیا دەکاتەوە، چونکە بوونی ناڕەسەن بوونێکی داگیرکراوە و خەڵکانێکی تر

لەجیاتی ئەو بیردەکەنەوە و بڕیار دەدەن، بەڵام بوونی ڕەسەن بوونێکی ئازادە و بەپێی ویست و ئارەزووی خۆی بیردەکاتەوە و بڕیاردەدات، لەبەر ئەوەی بوون بۆ خۆ ناتەواوە و بە نەبوونییەوە پەیدا بووە، نەبوونی وای لە بوون بۆ خۆ کردووە ڕوو لە دەر و دەرهاوێژ بێت و بۆ تەواوکردنی بوونی و پڕکردنەوەی کەلەبەری نەبوونی لە بوونیدا، بەڵام نەبوونیش ڕەگوڕیشەی بەناو سیستمی نهێلزمدا «هیچگەراییدا» داکوتاوە و لەوێوە پەیدا بووە و هاندەر و ڕێگریشە بۆ تەواو کۆیی، بەڵام مردن کۆتایی بە گۆڕانکارییەکان دەهێنێت و هەموو لایەنەکانی زەمەنی دەکاتە ڕابوردوو، واتە بوون بۆ خۆ، بە مردن دەبێتە بوون لە ناوخۆ، چونکە بوون بۆ خۆ بە پێچەوانەی بوون لەناوخۆیە، ئاگامەند و ناتەواوە، بوونێکە سەربەستانە لەپێناو خۆ تەواوکردندا بەرەو داهاتوو هەنگاو دەهاوێت و دەیەوێت ڕەسەنیەتی خۆی بسەلمێنێت، هایدگەر لە بوون و کاتدا زۆر بە قووڵی لە ڕەگوڕیشەی «فینۆمینە» دەکۆڵێتەوە، وشەی یۆنانی «فینۆمینەن» کە چەمکی فینۆمینەی لێوە دەرچووە، فینۆمینە: واتە ئەو شتەی خۆی دەردەخات، خۆ دەرخستن و بەرجەستەبوون.

فینۆمینە وشەیەکی کۆیە نەک تاک، هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە بەر ڕووناکی ڕۆژ دەکەون یۆنانییەکانیش ناوی هەبوویان لێ ناون، هەبوویەک دەتوانێت خۆی بە چەند شێوەیەک دەربخات، هەر یەکێک لە شێوەکانی دەکەوێتە سەر تەماشاکردنی ئێمە بۆ هەبووەکە، لە ڕوویەکی دیکەوە هایدگەر وێڕای چەمکی فینۆمینە، لە چەمکی دیاردە و ڕواڵەت و دیاردەی ڕووت بۆ فینۆمینە دەکۆڵێتەوە و پێناسەیان دەکات و ڕەخنە لە پێناسە کۆنەکان دەگرێت، هەرچەندە هەموو دیاردەیەک پشت بە فینۆمینە دەبەستێت، بەڵام فینۆمینە دیاردە نییە، چونکە لای هایدگەر چەمکی -دیاردە- ئاماژە بۆ دوو لایەن دەکات، یەکەم دەرکەوتن، بە واتای بانگەشەکردن بۆ ئەو شتەی خۆی دەرناخات، دووەمیش ئەوەی بانگەشەکە دەکات و لە دەرکەوتنەکەیدا ئاماژە بۆ شتێک دەکات، کە خۆی دەرناخات.

لە کۆتاییدا کەسێک دەتوانێت چەمکی «دەرکەوتن» بۆ چەمکی تەواوی فینۆمینە، وەکو خۆ دەرخستن بەکاربهێنێت، دواتر هایدگەر ڕەخنە لە پێناسەکەی «کانت» دەگرێت بۆ چەمکی دیاردە، بە دیدی «کانت» «دیاردەکان» لە یەکەم شوێندا بابەتی ئەزموونی هەستەکین و خۆیان بۆ هەستکردن دەردەخەن، ئەوەی خۆی دەردەخات فینۆمینە بە واتا تەواوەکەی دیاردەیە، چونکە لە ڕێگەی خۆ دەرخستنەوە دەناسرێت، هایدگەر دەیەوێت لە ئاکامی ئەم مشتومڕەدا بە تەواوی بزانین فینۆمینە چییە؟ ئاخۆ ئەوەی خۆی دەردەخات هەبووە، یان خەسڵەتێکی بوونی هەبووەکەیە، هایدگەر لە کۆتاییدا دەڵێت: ئەگەر بمانەوێت لە واتای چەمکی فینۆمینەی فینۆمینۆلۆجی بگەین و ناوەرۆکی ئەوەی خۆی دەردەخات، بناسین پێویستە لە واتای گشتی فینۆمینە تێبگەین، بەڵام بەر لە دامەزراندنی چەمکە سەرەتاییەکەی فینۆمینۆلۆجی دەبێت پێناسەی «لۆگۆس» بکەین، لە پەراوێزی لاپەڕە (٧٦)دا دوکتۆر محەمەد کەمال سەبارەت فینۆمینە لای «کانت» دەڵێت «کانت لەو باوەڕەدایە، کە کات و شوێن دوو پێشمەرجی ناوەکی پێویستن بۆ هەستکردن بە هەموو فینۆمینەیەک لە جیهاندا، بەڵام کات و شوێن ناخرێنە بەر ڕۆشنایی ئەزموونی هەستەکییەوە، ئیتر هایدگەر بە شێنەیی لە چەمکی «لۆگۆس» دەکۆڵێتەوە، پێناسەگەلێک دەخاتەڕوو، لۆگۆس ڕێگە بەشتێک دەدات تاکو ببینرێت، ئەو شتەش ئەوەیە کە باس دەکرێت، ئەگەر لۆگۆس- گوتار- بێت- یان- حوکمدان.. یان بە داکۆکیکردن دابنرێت، هێشتا واتا بنەڕەتییەکەی دەرناکەوێت، یان واتای بنەڕەتی لۆگۆس- گوتار بێت. دوکتۆر محەمەد کەمال بەم جۆرە پێناسەی دەکات، وشەیەکی یۆنانییە واتای «بەو جۆرەی خۆی دەردەخات، دەبینرێت» دەگرێتەوە، هایدگەر بە چەندان شێوە لە وشەی لۆگۆس دەکۆڵێتەوە، لۆگۆس دەنگە، بەدڵنیاییەوە ئەو دەنگەیە کە شتێکی لێوە دەردەکەوێت، مادام ئەرکی لۆگۆس «دەرخستنە» و دەکەوێتەوە سەر دەرخستنی شتێک تا ببینرێت، ئەوە بنیادێکی تێهەڵکێشراوی هەیە، مادام لۆگۆس دەرخستنی شتێکە ڕاست، یان ناڕاستیش دەردەچێت، لای هایدگەر ئەوە لۆگۆس بە بنەمای ڕاستی دانانرێت، هایدگەر لە دەرخستندا لە ئەگەری داپۆشین دەدوێت، بەڵام ئەوەی بۆ هەستکردن دەردەکەوێت وەک بینین و بیستن، ئەمەیان ڕاستە لەبەر ئەوەی ئەرکی لۆگۆس لە دەرخستندایە، لەگەڵ دەرخستنی شتەکاندا لۆگۆس واتای ژێری دەبەخشێت، هایدگەر لە ڕاڤەکردنی

چەمکی فینۆمینە و لۆگۆسەوە بەرەو پێناسەکردنی فینۆمینۆلۆجی هەنگاو دەهاوێت.

فینۆمینۆلۆجی بە یۆنانی، واتە [گوتن لەسەر ئەوەی خۆی دەردەخات] و دواتر لە چەمکی فینۆمینۆلۆجی وەسفی دەدوێت کە لە خۆیدا تۆتۆلۆجییە هەمان واتا دەبەخشێت، واتای فینۆمینە بە هەردوو جۆرەکەوە شێوەی و واتا باوەکەشی، دەیسەلمێنێت هەر چ شتێک لە هەر چ ڕێگەیەکەوە خۆی دەربخات بە «فینۆمینۆلۆجی» ناوبردەی بکەین، بەڵام لای هایدگەر فینۆمینۆلۆجی ڕێگەی گەیشتنە بە تێزی ئۆنتۆلۆجی، فینۆمینە خۆی دەشارێتەوە، لەبەر ئەوەی زۆربەی فینۆمینەکان دەرناکەون و شاردنەوەی فینۆمینە فرە جۆرە، بۆ نموونە لەوێدایە کە هێشتا نەدۆزراوەتەوە. نەزانراوە، یان دەشێ فینۆمینەیەک نێژرا بێت، بەڵام لە هەر شوێنێک ڕواڵەت هەبێت «بوون»یش هەیە، لێرە هایدگەر ئاماژە بۆ پرۆسەی «دیدەکشن» دەدات و دوکتۆر محەمەد کەمال لە پەراوێزی لاپەڕە «٨٢» بەم شێوەیە پرۆسەکە شی دەکاتەوە دیدەکشن پرۆسەیەکی لۆجیکمەندانەیە بۆ سەلماندن، بۆ نموونە هەموو مرۆڤێک دەمرێت، سوکرات مرۆڤە، کەوابوو سوکرات دەمرێت، هایدگەر هەوڵ دەدات بگات بەحەقیقەتی بیرۆکەی فینۆمینە و واتای چەمکەکانی فینۆمینۆلۆجی دیاری بکات، بەڵام لای هایدگەر واتا تەواوەکەی فینۆمینۆلۆجی دازاین، هێرمینیۆتیکە، ئەمەش ئاماژە بۆ ڕاڤەکردن دەکات، دواجاریش بەو ڕادەیەی هێرمینیۆتیک ئۆنتۆلۆجیانە مێژووی دازاین ڕوون دەکاتەوە و لایەنی ئۆنتیکی ئەم لە مێژوودا دەردەخات، چونکە فەلسەفە ئۆنتۆلۆجییەکی فینۆمینۆلۆجییانەی هەمەکییە و لە هێرمینیۆتیکی دازاینەوە دەست پێدەکات، دواتر هایدگەر بەو بڕوایە دەگات کە ئەم توێژینەوەیە بەبێ ئەو زەمینەیەی «ئەدمۆند هوسرڵ» دایمەزراندووە مەحاڵە، هاوکات وای بۆ دەچێت کە دەبێت بۆ شیکاری بوون، ئاماژە بە توێژینەوەکانی پێشوو بدەین، لەوانە بەشە ئۆنتۆلۆجییەکانی «پارمەنیدس» و «ئەفلاتوون» و کەرتی چوارەمین بەشی حەوتەمی «میتافیزیک»ی ئەرستۆ لەگەڵ بەشە وەسفییەکانی «تیۆ سیدیس»دا بەراورد بکەین.

هەروەها هایدگەر چەمکی بەرزێتی بۆ بوون بەکاردەهێنێت، بەڵام دوکتۆر محەمەد کەمال لە پەراوێزی لاپەڕە «٨٤»دا چەمکی بەرزێتی لای هایدگەر بەم شێوەیە شی دەکاتەوە: هایدگەر بەرزێتی بۆ بوون بەکاردەهێنێت، بەڵام واتاکەی لە واتای بەرزێتی لە میتافیزیکی «ئەفلاتوون»، یان «کانت»ەوە جیاوازە، مەبەستی ئەوەیە کە بوون هەبوو نییە و بوونی هەبووەکانە، هەروەها دازاین بوونێکی مێژوویی هەیە، لێرەدا هایدگەر بۆ ڕاڤەکردنی دازاین و تێگەیشتن لە واتای بوون توێژینەوە فینۆمینۆلۆجی ئۆنتۆلۆجییەکەی بۆ چەند لقێک دابەش دەکات، ڕاڤەکردنی دازاین وەک «کات» و باسکردنی چەمکی کاتیش، هەروەها خستنەڕووی خەسڵەتە بنەڕەتییەکانی ڕووخاندنی فینۆمینۆلۆجیانەی مێژووی ئۆنتۆلۆجی، هەردوو بابەت چەند لقێکی جۆراوجۆریان لێ دەبێتەوە.

هایدگەر دەڵێت: دەبێت بنیادی بنەڕەتی دازاین شی بکەینەوە، بوونی لەنێو جیهاندا، کە وابوو، بابەتی شیکردنەوەکەمان، جیهانە بە جیهانیبوونی خۆیەوە، چونکە جەوهەری دازاین لە بوونیدایە، کاتێک ئەم هەبووە بە «دازاین» ناوبردە دەکەین، چییەتییەکەی «وەکو چییەتی مێز، خانوو، یان درەخت» دەرناخەین، بەڵکو باسی بوونی دەکەین، دازاین لە هەموو حاڵەتێکدا و هەمیشە بوونی- منە. کاتێک باسی دازاین دەکەین. پێویستە ڕاناوی، وەک «من»، یان «تۆ»ی بۆ بەکاربهێنین.

هایدگەر لەم خاڵەدا بە درێژی لە بوونی ڕەسەن و بوونی نارەسەن دەدوێت، لە لاپەڕەکانی پێشوودا لەم بابەتە دواوم، دازاین هەبوویەکە لەبەر ڕۆشنایی تێگەیشتن لە ئەگەری بوونی خۆی پێناس دەکات، ئەمەش واتای فۆرمی پێکهاتەی بوونگەرانەی دازاینە، هایدگەر لێرەدا پرسیارێکی «قدیس ئۆگستین» لە بارەی چەمکی بوون دەخاتەڕوو، کاتێک ئۆگستین دەپرسێت: چی ئەوەندەی بوونی خۆم لە منەوە نزیکە؟ پێویستە لە وەڵامدا بڵێیت: بەدڵنیاییەوە، لێرە و لەنێو خۆمدا کاردەکەم، بووم بە زەمینەی گرفت و زیادەڕۆییەکی شیرین بۆ بوونم..